# کۆنگرەی پێنجەم

# ڕەشنوسی پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# بەشی یەکەم
# بنەما گشتییەکان

ماددەی (١)

**یەکەم**: ناو: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کورتکراوەکەی (ی.ن.ك)ـە.
**دووەم**: سنوری کار و خەباتی، هەرێمی کوردستان-عیراق، ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە هەرێم و ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات دەبێت.
**سێیەم:** بارەگای سەرەکی لە پارێزگای هەولێر (پایتەختی هەرێمی کوردستان) دەبێت و بارەگا لە پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عیراق بە پێی پێویست دەکاتەوە**.**

ماددەی (٢)

**یەکەم**: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆشیالیست دیموکراتە، تێدەکۆشێت بۆ حوکمرانییەکی دروست و خەبات بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنوسین دەکات. بڕوای بە بنەمای یەکسانی و پێکەوە ژیان هەیە و دژی جیاکاری رەگەزی و ئاینییە.
**دووەم:دروشم، ئارم، سرود و ئاڵا پێکدێن لە:**

أ) دروشم: ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و چارەی خۆنوسین.
ب) ئارم: دەستێك گوڵی لالە (مێلاقە) چڵە زەیتون و گوڵە گەنمێکی بەرزکردۆتەوە.
ج) سرود: سرودی مەشخەڵان، سرودی فەرمی (ی.ن.ك)ـە.
د)ئاڵا: ئاڵای (ی.ن.ک) رەنگی سەوز دەبێت و ئارمەکەش لە ناوەڕاستیدا دەبێت.

ماددەی (٣)

**پەیرەوی ناوخۆ:** دەستوری کاری رێکخراوەیی (ی.ن.ك)ـە،ئەندام و ئۆرگانەکان لە هەر پلە و ئاستێکدا بن دەبێت پێوەی پابەندبن.

ماددەی (4)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەن کەسایەتی یاسایی مەعنەوییە.

ماددەی (٥)

**یەکەم**: کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی (ی.ن.ک) بەئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها (50٪ +1)ی کۆی ئەندامان رێژەی یاسایی وەردەگرێت.
**دووەم**: جگە لەو مادانەی، کە دەنگدان تێیاندا بەدەقێکی دیاریکراو و رێژەیەکی جیاواز دیاریکراوە، لە ئۆرگانەکانی (ی.ن.ک) دا دەنگدان بە زۆرینەی سادە یەکلایی دەکرێتەوە.

# بەشی دووەم
# ئەندامێتی، سزادان و پادداشتکردن

## ئەندامێتی

ماددەی (٦)

هەر هاوڵاتییەکی کوردستان، ناوچە دابڕێندراوەکان و ناوچەکانی تری عیراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات، باوەڕی بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) هەبێت و مەرجەکانی ئەندامێتی تێدابێت، دەتوانێت ببێتە ئەندام.

## مەرجەکانی ئەندامێتی

ماددەی (٧)

**یەکەم**: ئەندام:

أ) تەمەنی (١٨) هەژدەساڵی تەواو کردبێت.
ب) خوێندکاران و لاوان پەیوەندییان لە (١٦) ساڵییەوە وەک لایەنگر پەسەند دەکرێت.
ج) ئەندامێتی لە ڕێگای داواکارییەکەوە دەبێت.
د) لە ئۆرگانێکی (ی.ن.ک)دا چالاکی بنوێنێت.
ه) پەیوەندیی بە هیچ لایەنێکی سیاسی ترەوە لە هەرێمی کوردستان و عیراق نەبێت.
و) لە هیچ دۆسییەیەکی خیانەتکاری و گەندەڵییەوە تێوە نەگلابێت، یان تاوانێکی ئابڕووبەرانەی لە دادگا بەسەردا ساغ نەبوبێتەوە.
ز) ئابوونە بدات.

**دووەم**: پەیوەست بە خاڵی (ز) لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕێسایەکی تایبەت بە بڕ و چۆنیەتی وەرگرتنی ئابوونە دەردەکات.

## ئەرکەکانی ئەندام

ماددەی (٨)

**ئەندام** دەبێت:

**یەکەم**: دڵسۆزانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی (ی.ن.ک) تێبکۆشێت.
**دووەم**: یەکێتی ناو (ی.ن.ک) بپارێزێت.
**سێیەم**: هەوڵی گەشەپێدانی ئاستی هۆشیاری، سیاسی و نەتەوەیی خۆی و هەڤاڵەکانی بدات.
**چوارەم**: نهێنییەکانی (ی.ن.ک) بپارێزێت و ڕاستییەکانی لێ نەشارێتەوە، لێدوان(چ بە نهێنی یان ئاشکرا) دژ بەسیاسەت و ستراتیژی (ی.ن.ک) لە هیچ هەلومەرج و بارودۆخێکدا نەدات.
**پێنجەم**: داکۆکی لەبەرنامە و سیاسەتی (ی.ن.ک) و سەروەرییەکانی بکات.
**شەشەم**: بەرژەوەندیی (ی.ن.ک) بخاتە سەرووی بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوە ڕابگرێت.
**حەوتەم**: لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە گشتییەکان و کەمپینەکانیدا بەشداری بکات و کار بکات بۆ سەرخستنی لیست و کاندیدانی (ی.ن.ک).
**هەشتەم**: هەوڵبدات دۆست و لایەنگر و ئەندام بۆ (ی.ن.ک) پەیدا بکات.

## مافەکانی ئەندام

ماددەی (٩)
**ئەندام:**
**یەکەم:**
أ) مافی هەیە لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا خۆی بۆ ئۆرگان، یان پۆستەکانی پشکی (ی.ن.ک) لەدەوڵەت، بپاڵێوێت بەگوێرەی ئەو مەرجە وپێوەرانەی بۆ پۆستەکە دیاری دەکرێن.
ب) مافی پرسیار و پێشنیاز و ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن لە چوارچێوەی (ی.ن.ک) بۆ هەموو ئەندامان لەهەر بابەتێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و دارایی لە ناو ئۆرگانەکانی خۆیاندا پارێزراوە.
**دووەم:** لەکاتی لێپرسینەوە لەناو (ی.ن.ک)دا، لە ناوەندی کاروباری یاسایی مافی بەرگری لەخۆکردنی دەبێت.
**سێیەم:** لە ئەنجامی کارو چالاکی و لەکاتی نەخۆشی و ڕووبەڕووبونەوەی کێشە و زیان بەرکەوتنیدا لەسەر (ی.ن.ک)، قەرەبوو بکرێتەوە و مافی پارێزراوبێت.
**چوارەم:** بەپێی ڕێسایەکی تایبەت بە پاداشت، کە لەلایەن ناوەندی کاروباری یاسایی ئامادە دەکرێت و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە پەسەند دەکرێت، ئەندامان و کادرانی (ی.ن.ک) دوای هەڵسەنگاندن و بەگوێرەی چالاکییان لە سەرجەم ئۆرگانەکان، لە ڕووەکانی ماددی و مەعنەوییەوە پاداشت دەکرێن.

## لەدەستدانی ئەندامێتی

ماددەی (١٠)
ئەندام، ئەندامێتی لە دەست دەدات بەهۆی:
**یەکەم:** مردن، دەرکردن یان وازهێنان.
**دووەم:** ناپاکی (سیاسی، نیشتمانی، نەتەوەیی و حزبی).
**سێیەم:** کارکردن بۆ پارتەکانی تر لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.
**چوارەم:** لە دەستدانی هەر یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی، کە لە ماددەی (8) دا هاتووە.

## سزادان:

ماددەی (١١)
یەکەم: **جۆرەکانی سزادان بریتین لە:** ئاگادارکردنەوە، سەرنجڕاکێشان، هەڵپەساردن، پلەداگرتن، دەرکردن.
**دووەم:** هەر ئەندامێک لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیدا کەمتەرخەمی نواند، یان دەستەگەری و گێرەشێوێنی ئەنجامدا، یان گوفتار و کرداری بووە مایەی تێکدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ک) و جەماوەرەکەی، حزب و لایەنەکان و بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان، بە ئەندازە و جۆری کەمتەرخەمی و سەرپێچیەکەی، بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:
أ) **ئاگادارکردنەوە:** سزاکە بە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێت، تیایدا جۆری سەرپێچییەکەی ڕووندەکرێتەوە و هۆکاری سزاکەشی دیاریدەکرێت. ئۆرگانەکەی دەتوانێت بەپێی ڕێکارەکانی ئەم بڕگەیە کارڕاییەکانی سزاکە جێبەجێ بکات.
ب) **سەرنجڕاکێشان:** سزایەکە بە نوسراوێکی فەرمی لەلایەن ئۆرگانی سەرووتر ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێت، تیایدا سەرنجی بۆ سەرپێچییەکە ڕادەکێشرێت و هۆکاری سزاکەشی تیادا ڕووندەکرێتەوە.
٣) **هەڵپەساردن:** ئەم سزایە ئۆرگانی پەیوەندیدار دەریدەکات بەپێی ڕیزبەندی ئۆرگانی بۆ ماوەی.

ا-سێ مانگ.

ب-شەش مانگ.

ج-ساڵێک.

د-تا گۆنگرە.

هەر ئەندامێکی (ی.ن.ک) هەر پلەو پۆستێکی حزبی یان بە هۆی (ی.ن.ک)ە وە پۆستی حوکمی یان پەرلەمانی هەبێت گەر راستەوخۆ خۆی یان پێگەکەی بەکار بێنێ بۆ توندوتیژی بەرامبەر ژنان دوای سەلماندنی وە خستنەرووی بەڵگەکان ئەم سزایە هەڵپەساردنە دەیگرێتەوە.

ج) **پلەداگرتن:** مەکتەبی سیاسی لە کاتی بەردەوامبوونی ئەندام لە ئەنجامدانی پێشێلکاریی تر، یان ئەو پێشێلکارییانەی بەهۆیەوە سزادراوە، واتە ئاگادارکردنەوە، سەرنجڕاکێشان و هەڵپەساردنی وەرگرتبێت، بەپێی قەبارەی پێشێلکارییەکەی، پلەکەی دادەگرێت.

د) **دەرکردن:** ئەندام لەهەر پلەیەکی حزبی و ڕێکخراوەیی بێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەردەکرێت:

1) لەپەیڕەو و پرۆگرام لابدات.
2) کار دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان بکات.
3) کار دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ک) بکات و هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانی بدات.
4) پێگە حزبییەکەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت.
5) بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی (ی.ن.ک).
6) درکاندنی نهێنییەکانی (ی.ن.ک)، لە سۆشیال میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەرشوێنێکی تردا، کە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی (ی.ن.ک) بگەیەنێت.
7) کار دژ بە پاڵێوراوان و بەرنامەی (ی.ن.ک) لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بکات.
8) هەر ئەندامێک لەهەر پلەیەکدا بێت تاوانی بە ئەنقەست یان ئابڕووبەرانەی ئەنجامدابێت و بەبڕیارێکی دادگا حوکم درابێت.

**سێیەم:** هەر ئەندامێک پلەیەکی حزبی هەبووبێت و فەرمانی دەرکردنی بۆ دەرچووبێت، دوای وەرگرتنەوەی بە ئەندام، دەبێت سەرجەم پلەکانی ڕێکخستن لە سەرەتاوە ببڕێتەوە.

**چوارەم:**

سەرجەم سزاکانی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێدراوە هەموو ئۆرگانەکان دەگرێتەوە وە لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ پێکدێت بەپێی ڕیزبەندی ئۆرگانی.

ماددەی (١٢)

سکاڵاکار مافی تانەلێدانی لەبەردەم ناوەندی کاروباری یاسایی هەیە و دوای پێدانی پاساوە یاساییەکان لەلایەن ناوەندی کاروباری یاساییەوە. بڕیارەکە یەکلادەکرێتەوە.

## بەشی سێیەم
## کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینیۆم، دیداری گشتی

### کۆنگرە

ماددەی (١٣)

کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتە و هەر (٤) ساڵ جارێك دەبەسترێت.

ماددەی (١٤)

نابێت، لە هیچ بارێکدا، کۆی گشتی ئەندامانی کۆنگرە لە (600) شەش سەد ئەندام تێپەڕ بکات.

ئەندامانی کۆنگرە پێکدێن لە:

یەکەم: ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر.

**دووەم:** پێشمەرگەکانی ساڵی (1976), ئەوانەی تا ئێستا بەردەوامن لەخەبات لەنێو ڕیزەکانی یەکێتی.

**سێیەم:** ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی.
**چوارەم:** جگە لە بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم ) تەواوی ئەندامانی کۆنگرە بە هەڵبژاردن دەبن، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بەرکەوتەی ئەندامانی کۆنگرە لەسنوری دەزگاو مەکتەبەکان و ئۆرگانەکانی تر دیاری دەکات و پاش ڕەزامەندی سەرۆکی یەکێتی ، مەکتەبی سیاسی پەسەندی دەکات.

ماددەی (١٥)
**یەکەم:** کۆمسیۆنێك بەناوی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە بڕیاری سەرۆکی یەکێتی لەسەر بنەمای پەیڕەوی ناوخۆ پێکدەهێندرێت.
**دووەم:** دوو مانگ پێش کۆنگرە، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکار، بە ئەندامێتی، دەزگای هەڵبژاردن ومەکتەبی کاروباری ناوخۆیی یەکێتی و ناوەندی کاروباری یاسایی و مەڵبەندی دیراساتی گشتی ڕێژەو ڕێکار و میکانیزمەکانی پەیوەست بە کۆنگرە ئامادە دەکات و لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە پاش ڕەزامەندی سەرۆکی یەکێتی،پەسەند دەکرێت.
**چوارەم:** کۆنگرە بە ئامادەبوونی (3/2)ی ئەندامانی ڕەوایی بەستن وەردەگرێت.

ماددەی (١٦)
**یەکەم:** کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە ئامادە دەکات.
**دووەم:** دوای بڵاوبونەوەی تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە، هەر ئەندامێکی (ی.ن.ك) تانەی لەتۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە هەبوو، لە ماوەی (٣) ڕۆژدا پێشکەشی دەکات.
تانەکان ئاڕاستەی کۆمیسیۆنی باڵای کۆنگرەو ناوەندی یاسایی یەکێتی وەك ئەندامی کۆمسیۆنی باڵا دەکرێن، کە لە ماوەی (٢) ڕۆژدا پێویستە بڕیاریان لێبدات و بڕیارەکە یەکلایی دەکرێتەوە.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی کۆنگرە

ماددەی (١٧)
**یەکەم:** ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:
أ) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
ب) هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی.
ج) هەڵسەنگاندن و پەسندکردنی ڕاپۆرتی گشتی سەرۆک، بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئامادەبووان دەبێت.
د) هەڵسەنگاندنی سیاسەتی (ی.ن.ك) لە نێوان دوو کۆنگرە و بڕیاردان لەسەر سیاسەتی نوێ بۆ چەسپاندنی ڕێبازی (ی.ن.ك) و هەڵسەنگاندنی سیاسەتە پیادەکراوەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ و جیهان.
ه) پەسندکردنی ڕاپۆرت و بڕیاردان لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان دەبێت.
و) تاوتوێکردنی ئەو پرس و بابەتانەی، کە کۆنگرە بە پێویستی دەزانێت بڕیاریان لەسەر بدات.
ز) ڕادەستکردنی سەرجەم بەڵگەنامە و تۆمارەکانی کۆنگرە لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو.
**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر بنەمای لیستی داخراو دەبێت. ئەو لیستەی زۆرترین دەنگی هێنا سەرجەم کورسییەکان دەباتەوە
**سێیەم:** دەرکردنی ڕاگەیاندنی کۆتایی لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرەوە دەبێت.

## کۆنگرەی نائاسایی

ماددەی (١٨)
**یەکەم:** کۆنگرەی نائاسایی لەو کاتەدا دەبەسترێت، کە قەیرانێك، یان ڕووداوێکی گرنگ دێتە پێشەوە، کە کاریگەری لەسەر ئایندەی گەلی کوردستان و (ی.ن.ک) هەبێت.
**دووەم:** لەسەر داوای سەرۆك یان (٣/٢) ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، کۆنگرەی نائاسایی دەبەسترێت.
**سێیەم:** لانیکەم 15 ڕۆژ پێش بەستنی کۆنگرەی نائاسایی کاتی بەستنی دیاری دەکرێت.
**چوارەم:** کۆنگرەی نائاسایی هەمان دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی ئاسایی هەیە.

**پێنجەم:** ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی و بەرپرسی مەکتەب و مەڵبەندەکان و ئەندام مەکتەبەکان دەبنەوە ئەندامی کۆنگرەی نائاسایی.

## پلینیۆم

ماددەی (١٩)
**یەکەم:** لەسەر داوای سەرۆك یان بە بریاری (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پلینیۆم دەبەسترێت.
**دووەم:** بەشدارانی پلینیۆم پێکدێن لە دەستەی دامەزرێنەر، پێشمەرگەکانی (1976)، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی، ئەندامانی مەکتەب، سکرتێری ڕێکخراوەکانی (خوێندکاران، لاوان، ژنان).
**سێیەم:** ئەرکەکانی پلینیۆم:
أ) پێداچونەوەی کاروبارەکانی (ی.ن.ک).
ب) وەرگرتنی بیروڕای زۆربەی ئەندامان.
ج) دەتوانێت (٤/١)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بگۆڕێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە ناو پلینیۆم پەسەند دەکرێن.
**چوارەم:** لەکاتی نەبەستنی کۆنگرە لەبەر هەر هۆکارێک، پلینیۆم تەنیا بۆ (١) یەك جار دەتوانێت کۆنگرە دوابخات و کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە پێک دەهێنێت و تێیدا کاتی کۆنگرەی داهاتوو دیاریدەکات.

## دیداری گشتی یەکێتی

ماددەی (٢٠)
**یەکەم:** یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەموو ساڵێک بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و ئاراستەکردن دیداری گشتی ئەنجام دەدات، کە سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال ڕێکیدەخات. ئەم دیدارەو دەرئەنجامەکانی تەواوکاری کارەکانی کۆنگرەی یەکێتییە.
**دووەم:** ئامانجی ئەم دیدارە بریتیە لە دارشتن و هەڵسەنگاندنی هێڵە گشتییەکانی ستراتیج و بەرنامەی کاری سیاسی (ی.ن.ک) و سەرجەم مەکتەب و دامودەزگاکانی یەکێتی و خستنەڕووی پرۆژە و پێشنیازەکان بەمەبەستی بەرجەستەکردنیان بەشێوەیەکی کردەیی لە لایەن کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و سەرۆکەوە.
**سێیەم:** کارو چالاکی وپرۆژەی سەرجەم ئۆرگانەکان لەو دیدارە بە راپۆرتێک پێشکەشدەکرێت.
**چوارەم:** لیژنەیەک لەلایەن سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال کات و شوێن و بەشداربوانی ئەم دیدارە گشتییە دیاریدەکات.

# بەشی چوارەم
# ئەنجومەنی سەرکردایەتی

مادەی ( ٢١)

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکدێت لە (٦١) شەست و یەک هەڤاڵ( بە سەرۆکی یەکێتییەوە)، کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئازاد و نهێنی هەڵدەبژێرێن.
**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەسەر بنچینەی کارامەیی و دڵسۆزی وچالاکی و شارەزایی بە ڕەچاوکردنی دابەشبوونی جوگرافیا بە گوێرەی مەرجە بریار لێدراوەکان دەبێت.
**سێیەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆنگرە، لەسەر بنەمای لیستی داخراو دەبێت ، ئەو لیستەی زۆرترین دەنگی هێنا سەرجەم کورسییەکان دەباتەوە. ئەگەر تەنها یەك لیست هەبوو بە دەنگدانی ئاشکرا دەنگی پێدەدرێت.
**چوارەم:** دوای کۆنگرە سەرۆکی یەکێتی بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجومەن دەکات و سەرپەرشتی یەکەم کۆبونەوە دەکات.

پێنجەم: لە کاتی بەتاڵبونی شوێنی ئەندامێکی سەرکردایەتی بە هەر هۆیەك بێت، سەرۆك دەتوانێ ئەندامی سەرکردایەتی بۆ شوێنە بەتاڵەکە دیاری بکات و لە مەکتەبی سیاسی بەسەند دەکرێت.
شەشەم: (٥) کورسی سەرکردایەتی تەرخان دەکرێت بۆ کەسایەتی سیاسی و حکومی و حزبی بەپێی پێویستی. هەروەها (٥) کورسی تەرخان دەکرێت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی بەپێی رێککەوتن دێنەوە و لە ناو یەکێتی بەردەوامی بە خەباتیان دەدەن، پاش دیاری کردنی کەسەکان و رەزامەندی سەرۆك ، مەکتەبی سیاسی پەسەندی دەکات.

## مەرجەکانی ئەندامێتیی ئەنجومەن

ماددەی (٢٢)
مەرجەکانی ئەندامێتی بریتین لە:
**یەکەم:** تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێت.
**دووەم:** لە ئاستێکی هۆشیاری و سیاسی باش بێت.
**سێیەم:** لانیکەم (١٠) ساڵ کاری لە ئۆرگانەکاندا کردبێت.
**چوارەم:** پلەی رێکخراوەیی لە کارگێری مەڵبەند و هاوتاکانی کەمتر نەبێت.
**پێنجەم:** لانیکەم دەرچوی ئامادەیی بێت، جگە لە پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، کەم ئەندامانی سەنگەر، رێکخستنە دێرینەکان و زیندانیانی سیاسی.
**شەشەم:** هیچ کارێکی حکومی و پەرلەمانی نەبێ، جگە لە پۆستە سیادییەکان یەکەمەکانی یەکێتی لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق و هەرێم.
حەوتەم: مەرجەکانی تری ئەندامێتی تێدابێت، کە لە ماددەی (8)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتوون.

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

ماددەی (٢٣)
**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
أ) بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا و سەرچاوەی بڕیارە لە پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا.
ب) بەرپرسە لە بەدواداچوونی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرە.
ج) دارشتنی سیاسەتی گشتی (ی.ن.ک) لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.
**دووەم:** دانیشتنەکانی ئەنجومەن:
أ) رێژەی یاسایی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبونی (٥٠٪+1)ی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت.
ب)ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆبونەوەی ئاسایی هەر (60) رۆژ جارێک ئەنجام دەدات.
ج) لەسەر داوای (٢١) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ هەر پرسێکی لە ناکاو و چارەنوسساز کۆبونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدرێت.
**سێیەم:** پەیرەوی کاری ناوخۆیی بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم پەیڕەوە.
**چوارەم:** ئەو رێککەوتنە گرنگانەی پەیوەندییان بە پرسە چارەنوسسازەکان و بەرژەوەندی باڵای (ی.ن.ك) و هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنەوە هەیە، پاش پەسندکردنی لەلایەن (٣/٢)ـی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، سەرۆک واژۆیان دەکات.
**پێنجەم:** دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک بە زۆرینەی (٣\٢) دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەسند دەکرێت
**شەشەم:**لە ئەگەری دەست لەکارکێشانەوە سەرۆک ، مەکتەبی سیاسی بەشێوەیەکی کاتی سەرۆکێك بۆ یەکێتی دیاری دەکات.
**حەوتەم:**لەسەر داوای واژۆکراوی لانیکەم (١٥) پازدە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دەکرێ پێشنیازی نوێ بخرێتە خشتەی کاری ئەنجومەنەوە.

ماددەی (٢٤)
هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەچوارچێوەی پەیڕەوی کاری ئەنجومەندا ئازادی تەواوی ڕادەربڕینی هەیە، لە سۆنگەی ڕاو بۆچوونەکانییەوە هیچ لێپرسراویەتیەکی لە ناو کۆبونەوەی ئەنجومەندا ناکەوێتە سەر شان.

ماددەی (٢٥)
هەرئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بچێتە ناو حزبێکی تر لە (ی.ن.ک) دەردەکرێت.

## بەشی پێنجەم
## سەرۆک

### مەرج و ئەرک و دەسەڵاتەکانی

ماددەی (٢٦)

یەکەم: **<u>سەرۆک</u>**، ڕاگری یەکدەنگی و یەکڕیزی یەکێتییە و کاردەکات بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و یەکڕیزی و یەک گوتاری و یەک هەڵوێستی سەرجەم ئۆرگانەکان و نوێنەرایەتی (ی.ن.ک) دەکەن لە ناوەوەو دەرەوە و لە بەردەم دامو دەزگا حکومی و یاساییەکاندا.
**دووەم:** سەرۆکی یەکێتی و سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی یەکێتییە.
**سێیەم:** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیە و لە کۆنگرە لە هەڵدەبژێردرێن.
**چوارەم:** سیمبولی یەکڕیزی ویەکگوتاری یەکێتیە لە ناوخۆو دەرەوەی یەکێتی، و بەرپرسی یەکەمە لە پاراستن و بەهێزکردن و گەشەپێکردنی یەکێتی.

ماددەی (٢٧)
**یەکەم: <u>تەمەنی</u>** لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.
**دووەم:** ناو و **<u>ناوبانگی</u>** باشبێت و شارەزا<u>بێ</u> لە بواری سیاسەتدا.
**سێیەم:** لانیکەم (١٠) دە ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوە<u>یی</u> لە ریزەکانی (ی.ن.ک)دا بێ دابڕان هەبێت.
**چوارەم:** بە هیچ تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرا<u>بێ</u>.

### هەڵبژاردنی سەرۆک

ماددەی (٢٨)
**یەکەم:** سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە کۆنگرە هەڵدەبژێردێت. ئەگەر لە کۆنگرە تەنها یەك پاڵێوراو بۆ سەرۆك هەبوو، ئەوکات بە دەنگدانی ئاشکرا هەڵدەبژێردرێت.
**دووەم:**ئەگەر دوو یان زیاتر لە پاڵێوراوێك هەبوو بۆ پۆستی سەرۆك، بە هەڵبژاردنی نهێنی و ئازاد و بە زۆرینەی دەنگەکان هەڵدەبژێردرێت.

ماددەی (٢٩)
**یەکەم:** لەکاتی ئامادەنەبونی سەرۆك ، کەسێك بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان ڕادەسپێرێ.
**دووەم:**
لەکاتی پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک، بەدەنگی زۆرینەی ڕەها ئەندامانی ئەنجومەن پەسند دەکرێت.

**سێیەم:** بۆ جێبەجێکردنی خاڵی ( دووەم) لەم ماددەیە یان (دروست بوونی بۆشایی) لە پێگەی **سەرۆک** لەبەر هەر هۆیەک بێت، مەکتەبی سیاسی لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ دا سەرۆکێکی تر  بە کاتی هەڵدەبژێرێت.

## ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆک

ماددەی (٣٠)
**یەکەم:** بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی بڕیار و سیاسەتەکانی (ی.ن.ک).
**دووەم:** سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی **دەکات** ، لەکاتی وەک یەکی دەنگەکاندا دەنگی سەرۆک یەکلاکەرەوە دەبێت.
**سێیەم:** بەرپرسە لەسەرپەرشتی کردنی کاروباری دارایی و پەیوەندییەکان و هەر کاروبارێکی تر، کە بچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان.
**چوارەم:** لەکۆڕ و کۆبوونەوەکانی (ی.ن.ک) لە ناوەوە و دەرەوە وڵات نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات.
**پێنجەم:** هەماهەنگی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی (ی.ن.ک) و ئەنجومەنی پشتیوانی دەکات.
**شەشەم:** ڕێکەوتنە سیاسییەکان لە دوای پەسندکردنیان لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیەوە واژۆ دەکەن.
**حەوتەم:** گشتاندنی ڕێسا پەسندکراوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
**هەشتەم:** ڕاپۆرتی سیاسی و ڕێکخراوەیی ساڵانە ئامادە دەکات و لە کۆنگرە و دیداری ساڵانە پێشکەشی دەکات.
**نۆیەم:** مەکتەبێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیان پێکدێنێ کە بەرپرسە لە ڕێکخستنی سەرجەم کارە کارگێڕییەکانی سەرۆکایەتی، بە ڕێسایەك پێکهاتەو بەشەکانی دیاری دەکرێت.
**دەیەم:** دەزگای دارایی، مەڵبەندی دیراساتی گشتی، ناوەندی کاروباری یاسایی لەگەڵ سەرجەم پەیوەندیەکانی بەغداد و عیراق بەگشتی وەهەر پەیوەندییەکی تری کاریگەری لەسەر (ی. ن. ك) هەبێت ڕاستەوخۆ بەسەرۆکەوە دەبەسترێنەوە.
**یازدەیەم:** لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وتەبێژ دیاری دەکات.
دوانزەهەم: فرمانی دامەزراندن لە پۆست بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی وبەرپرسی یەکەمی سەرجەم دامودەزگاو مەکتەبەکانی یەکێتی دەردەکات.
**سیانزەهەم:** پارێزەری سامان و موڵک و داهاتی (ی.ن.ک) دەبێ و نابێت بۆ بەرژەوەندی خۆی یان کەسوکارەکەی بەکاری بهێنێ.
**چواردەهەم:** سەرۆک پابەندی پەیڕەوی ناوخۆ  دەبێ و بەرپرسیارە لەجێ بەجێ کردنیان.
پانزەهەم: هەر ئەرك و دەسەڵاتێکی تر کە لەم پەیڕەوەدا بۆی دیاری کرابێت.

## وتەبێژ:

ماددەی (٣١)
**یەکەم:** لەلایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرێت، تەنها کاری وتەبێژی دەبێت و هیچ ئەرکێکی تری نابێت.
**دووەم:** قسەکەری فەرمی یەکێتییە و گوزارشت لەڕای فەرمی یەکێتی دەکات.
**سێیەم:** پێویستە زیاتر لە زمانێک بزانێت.

# بەشی شەشەم
# مەکتەبی سیاسی

ماددەی (٣٢) پێناسە:
ئۆرگانێکی باڵای ئەنجومەنی سەرکردایەتییە وناوەندی سەرەکی بڕیاردانی حزبە لە سەرجەم بوارە جیاجیاکانی پەیوەست بە یەکێتی و هەرێم کوردستان و عێراق و جیهان.

مادەی (٣٣): پێکهاتە:
مەکتەبی سیاسی پێکدێت لە:
**یەکەم:** سەرۆک.
**دووەم:** دوانزە بۆ چواردە (12~-14) ئەندامی سەرکردایەتی کە لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەوە پێشنیار دەکرێن و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پەسەند دەکرێن.

مادەی( ٣٤ )
جگە لە پۆستە سیادییەکان( کەسی یەکەمی یەکێتی لە پەرلەمان وحکومەت و سەرۆکایەتی کۆمارو هەرێم) سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێویستە خۆیان تەرخان بکەن و (متفرغ) بن بۆ کاری مەکتەبی سیاسی و هیچ پۆستێکیان لە دەرەوەی حزب نەبێ.

## ئەرک و دەسەڵاتەکان

ماددەی (٣٥)
**یەکەم:** ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەبێت ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بن.
**دووەم:** بریاردار لە مەسەلە گرنگە حزبی و سیاسی و حکومیەکانی پەیوەست بە یەکێتی دەدات، و بەپێی ئەجندای ئامادەکراوی کۆبونەوەکان.
**سێیەم:**لەکاتی دروست بوونی بۆشایی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەهەمان ئەو میکانیزمانەی بۆ دامەزراندنیان دیاری کراوە، شوێنەکانیان پڕ دەکرێتەوە.
**چوارەم:** مەکتەبی سیاسی بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بریارو ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرۆک.
**پێنجەم:** بەرپرسە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.
**شەشەم:** پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەی ئۆرگان و دامو دەزگاکانی (ی.ن.ک) دوای پێشنیازکردن لەلایەن مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتیەوە.
**حەوتەم:** جگە لە دەسەڵاتەکانی ئەم ماددەیە، مەکتەبی سیاسی ئەو دەسەڵاتانەی تر بەڕێوەدەبات، کە لەم پەیڕەوەدا پێی دراون
**هەشتەم:**
أ) لە مانگێکدا لانیکەم دووجار کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
٢)کۆبونەوەی نائاسایی لەسەر داوای سەرۆک یان نیوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەنجام دەدرێت.
**نۆیەم:**سکرتاریەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی پێکدەهێنێت. بە هەماهەنگی لەگەڵ مەکتەبی سەرۆکی یەکێتی ئەرکی ڕێکخستنی کات و ئەجنداکانی کۆبونەوەکان و بەدواداچون بۆ بڕیارەکان و ڕێکخستنی کۆنوس وبڕیارەکان دەگرێتە ئەستۆ.

## بەشی حەوتەم
## مەکتەبەکان

ماددەی (٣٦)
یەکەم:
بەمەبەستی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارو ئەرکە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی یەکێتی، پەیکەری یەکێتی بۆ شەش مەکتەب دابەش دەکرێت.
دووەم: هەر یەک لە (ناوەندی یاسایی یەکێتی، مەڵبەندی دیراساتی گشتی، مەکتەبی سەرۆک) کە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بەسەرۆکی یەکێتی، پێگەو دەسەڵاتی مەکتەبییان هەیە.

سێیەم: مەکتەبەکانی یەکێتی بریتین لە:
١~- مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال.
٢~- مەکتەبی کاروباری ناوخۆیی یەکێتی.
٣~-مەکتەبی هەڵبژاردن.
٤~- مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری.
٥~-مەکتەبی ڕێکخراوەکان.
٦~ مەکتەبی پەیوەندییەکان.

مادەی (٣٧)
یەکەم: ژمارەی ئەندامانی بە پێی پێویستی مەکتەبەکە دادەنرێت، نابێت بۆ هەر مەکتەبێك لە (٥) ئەندام مەکتەب تێپەڕێت.
**دووەم:** لێپرسراوی مەکتەبەکان و بەرپرسی بۆردو بەشە سەرەکییەکان کە ئەندامی سەرکردایەتین هەروەها بەرپرسی مەڵبەندەکان لەلایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرێت و لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە پەسەند دەکرێت.
**سێیەم:**
لە کاتی وازهێنان یان لەکار دابرانی لێپرسراوو ئەندامی مەکتەبەکان بۆ زیاتر لە ٤٥ ڕۆژ و بە هەر هۆیەك بێت، بەهەمان میکانیزمی دانانیان، جێگەیان پڕ دەکرێتەوە.

مادەی ( ٣٨ )

**مەکتەبی کاروباری ناوخۆیی یەکێتی**

**ناوەندی سەرەکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی یەکێتییە، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخستن لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات وکاروباری شەهیدان و تێکۆشەران و پێکهاتەکان وکۆمەڵایەتی لە ئەستۆ دەگرێ.**

ماددەی ( ٣٩ )
**یەکەم:** باڵاترین دەسەڵاتی کاروباری ناوخۆییە لەناو (ی.ن.ک). ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئۆرگانە ناوخۆییە جیاجیاکانی یەکێتیە و بەرنامە و نەخشەی گشتی بۆ دادەنێت.
**دووەم:**لە لێپرسراوی مەکتەب و بەشەکان( یان بۆرد) پێکدێت، بە ڕەچاوکردنی بەرکەوتەی جوگرافی و شارەزایی کاروباری ڕێکخستن وڕێکخراوە دیموکراتییەکان و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان لەسەر بنەمای و دڵسۆزی دیاریدەکرێن.
**سێیەم:** دەرکردنی ڕێنمایی پێویست و گونجاو بۆ چۆنیەتی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئۆرگانە جیاوازەکانی مەکتەب.
**چوارەم:** پلەی ڕێکخراوەیی بەگوێرەی میکانیزم و ڕێکارێکی پەسندکراو لە مەکتەبی سیاسی لەسەر بنەمای کارامەیی و شارەزایی و هەڵبژاردن دەبێت.
**پێنجەم:**
بەشەکانی مەکتەب پێکدێن لە:
1) بەشی ڕێکخستن.
2) بەشی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان.
3) بەشی کاروباری شەهیدان و تێکۆشەران

**شەشەم:** مەکتەبی کاروباری ناوخۆیی دە (١٠) مەڵبەندی کاروباری ناوخۆیی دەکاتەوە.

ماددەی (٤٠)
مەکتەبی کاروباری ناوخۆ و مەڵبەندەکان لە کۆنفرانسی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی خۆیاندا، سنور و شێوازی کارو پەیکەرو ئەرک و دەسەڵاتی ئۆرگانە جیاوازەکانیان بەڕەچاوکردنی پەیکەربەندی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێکدەخەنەوە.

**مەڵبەندی کاروباری ناوخۆیی**

ماددەی (٤١)

**یەکەم:** باڵاترین ئۆرگانی ناوخۆیی (ی.ن.ک)ە لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا.

**دووەم:** ئەنجومەنی مەڵبەند بەرزترین دەسەڵاتە لە مەڵبەنددا و ئەرکی جێبەجێکردنی نەخشەی گشتی چالاکیەکانی (ی.ن.ک)ی دەکەوێتە ئەستۆ.

**سێیەم:** ئەنجومەنی مەڵبەند پێکدێت لە لێپرسراوی مەڵبەند و (٣) سێ جێگری کە نوێنەرایەتی بەشە سەرەکییەکانی مەڵبەندی کاروباری ناوخۆیی دەکەن.

**چوارەم:** سەرچەم پێکهاتەکانی تری مەکتەب و پلەو ژمارەکان بەرێسایەك لەلایەن مەکتەبەوە رێکدەخرێت و لە مەکتەبی سیاسی پەسەند دەکرێت.

## مەکتەبی پەیوەندییەکان

ماددەی (٤٢)

**یەکەم:** بەرپرسە لەدروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ک) لەگەڵ پارت و لایەنەسیاسیەکان و رێکخراوە ناوخۆییەکان، بەمەبەستی لۆبیکردن و بەهێزکردنی پێگەی (ی.ن.ک) لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق.

**دووەم: کەسانی پسپۆڕ لە پەیوەندییەکان و زمانزان کار لەم ناوەندە دەکەن.**

**سێییەم: بە رێسایەك پێکهاتەو ژمارەی ئەندامان و ئەرکەکانیان دیاری دەکرێت.**

## مەکتەبی میدیاو هۆشیاری

ماددەی (٤٣)

**یەکەم:** پێکدێت لە دوو بۆرد:

ئەلف - میدیا( راگەیاندن و سۆشیال میدیا)

أ)چاپەمەنی.

ب)پەخش.

ج)میدیای نوێ.

**دووەم:** بۆردی راگەیاندن چەتری کۆکەرەوەی کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندن دەبێت، کە یەکێتی پێداویستییە مادییەکانیان دەستەبەر دەکات.

**سێیەم:** (٣) ئەندام مەکتەب دەبێت، لەگەڵ بەرپرسی کەناڵە مەرکەزییەکانی تۆڕی میدیایی یەکێتی.

**چوارەم:** هەڵبژاردنی ئەندام مەکتەبەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی لە بواری کاری خۆیاندا دەبێت.

**پێنجەم:** کار بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی راگەیاندنی یەکێتی لە ناوەوەو دەرەوە دەکات.

**شەشەم:** دەسەڵاتی دەرکردنی رۆژنامە و رۆژنامەی ئەلکترۆنی و گۆڤار و کردنەوەی کەناڵی بینراو و بیستراوی دەبێت، لەناو هەرێم و عیراقی فیدراڵ و دەرەوەی وڵات بەپێی یاسا.

**بیرو هۆشیاری:** پێکدێت لە

أ) بەشی ئەرشیف و مێژوو.

ب)کۆڕ و سیمینار.

**دووەم:** دوو (٢) ئەندام مەکتەبی دەبێ و دانانی ئەندامی مەکتەب لەسەر بنەمای پسپۆڕی و توانا و لێوەشاوەیی دەبێت.

## مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان

ماددەی (٤٤)

**یەکەم:** لە دوو بۆرد پێکدێت:

أ) جەماوەرییەکان.

ب) پیشەییەکان.

**دووەم:** سەرپەرشتی و هاوکاری سەرجەم رێکخراوە جەماوەری، پیشەیی، ناحکومی و حزبییەکان دەکات.

**سێیەم:** بەشداریکردن و ڕێنوێنی کردنی ئەو کارو چالاکیانەی خزمەت بە کۆمەڵگای مەدەنی و (ی.ن.ک) دەکەن.

## دەزگای هەڵبژاردنەکان

ماددەی (٤٥) پێکدێت لە:

**یەکەم:** لێپرسراوێکی دەبێت کە پێویستە شارەزای تەواوی لە بواری هەڵبژاردندا هەبێت.

**دووەم:** لە دو بۆردی سەرەکی پێکدێت:

أ) پەیوەندییە گشتیەکان.

ب) کارگێری و هەڵبژاردن.

**سێیەم:**

أ -چوار سەنتەری هەڵبژاردنی دەبێت (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، بادینان-~موسڵ)

ب- لەکاتی ڕێکخستنی هەیکەلی ئەندامانی مەکتەب و لێپرسراوی سەنتەرەکان لەسەر بنەمای توانا. شارەزایی لە بواری هەڵبژاردن و تەکنەلۆژیای هەڵبژاردن بن و لەلایەن لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنەکان پێشنیار دەکرێت لەلایەن سەرۆکی یەکێتی پەسەند دەکرێت.

**چوارەم:** پەیکەری دەزگای هەڵبژاردنەکان

لەکاتی ڕێکخستنی پەیکەری دەزگای هەڵبژاردنەکان ڕەچاوی پەیکەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت، بەپێی بەرژەوەندی (ی.ن.ک) لە هەڵبژاردنەکان.

**پێنجەم:** ئەرکەکانی دەزگای هەڵبژاردن

أ) بەرنامە و پلانی هەڵبژاردنە گشتییەکان دادەڕێژێت و سەرپەرشتی هەڵمەت و پرسەکانی هەڵبژاردنەکان دەکات.

ب)سەرپەرشتی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئۆرگانەکان و ڕێکخراو و سەندیکاکانی (ی.ن.ک) دەکات.

## دەزگای دارایی

مادەی (٤٦) پێناسە:

یەکەم: دەزگای دارایی یەکێتی دامەزراوەی سەرەکی دارایی یەکێتییە، بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی توانا ماددییەکانی (ی.ن.ک) و تەرخان کردنیان بۆ خزمەتی کادیر و کارە حزبی و ئۆرگانی و سیاسییەکانی یەکێتی.

دووەم : سەرپەرشتی داهات و خەرجییەکانی حزب دەکات وراستەوخۆ بە سەرۆکی حزب دەبەسترێتەوە. لە خەڵکانی پسپۆڕ لە کاری پرۆژەو دارایی و کارگێری پێك دێت.

ماددەی ( ٤٧ )

یەکەم: دەزگای دارایی پێك دێت لە:

١- بۆردی داهات:- کۆی داهات و پرۆژەکانی (ی. ن. ك) دەگرێتەوە وە لەلایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوەدەبرێت لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا وە سەرۆك دایان دەنێت وە پەیرەوێکی کاری دەبێت کە سەرۆك پەسەندی دەکات. ئەم پێکدێت لە:

أ) بەشی پرۆژەکان.

ب) بەشی موڵکایەتی.

٢- بۆردی خەرجی و کاروباری(ی.ن.ك)، کە بەرپرسە لە سەرجەم خەرجی کاروباری ناوخۆیی یەکێتی.

دووەم: ساڵانە لە مانگی کانونی یەکەم بودجەی ساڵی داهاتوی حزب پێشکەشی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی دەکات بۆ پەسەند کردن.

٣~ دەستەی دەسپاکی وچاودێری دارایی. دەستەیەکە کار دەکات بۆ پاراستنی دامودەزگاکان و هەڤاڵانی یەکێتی لە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکانی یەکێتی، لە رێی چاودێری کردنیان و رێنمایی کردنیان.

سێییەم: خەزنەیەکی ناوەندی دادەنرێت کەسەرجەم داهاتەکانی (ی. ن. ك) تێدا کۆدەکرێتەوە بەسەرجەم پرۆژەکانی (ی. ن. ك) تەمویلی بۆردی خەرجیەکانی پێدەکرێت.

ماددەی( ٤٨ )

بەرێسایەك پێکهاتە ناوخۆیی و شێوەی کارەکانیان دادەڕێژرێت، لەلایەن سەرۆکی یەکێتی پەسەند دەکرێت.

مادەی ( ٤٩ ) مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال:

یەکەم: مەکتەبێکی سەرەکی یەکێتییە، کار دەکات بۆ مانەوەو بەهێزکردنی کلتوری سیاسی و حزبی و مێژوویی و رۆشنبیری سەرۆك مام جەلال و پەرەپێدانی ئەم کلتورە فراوانە لە ناوخۆو دەرەوی یەکێتی و کوردستان وعێراق و جیهان و لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا.

دووەم: ژمارەی ئەندام مەکتەبەکانی (٥) دەبن، سەرجەم کارەکانی پێشوی سکرتارییەتی سەرۆك مام جەلال رادەپەڕێنێ.

سێیەم: بە رێساییەکی ناوخۆیی کارەکانی رێکدەخات لە لایەن سەرۆکەوە پەسەند دەکرێت.

## ناوەندی کاروباری یاسایی

ماددەی (٥٠)
یەکەم: دامەزراوەی سەرەکی یاسایی یەکێتییە و داکۆکەرە لە مافی کادیرانی یەکێتی لە سەرجەم ئۆرگانە ناوخۆیی حزب و دامودەزگا یاساییەکانی دەرەوەی یەکێتیی.
مادەی ( ٥١) پێکهاتە
١- بەرپرسێکی دەبێت کە لەلایەن سەرۆکی یەکێتی دیاری دەکرێت .
٢- لە پسپۆران و ئەزمونگەرانی بواری یاسایی پێك دێ کە پسپۆرییان لەم بوارەدا لە ١٠ ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێت.

مادەی (٥٢ )
<u>ئەرکەکانی:</u>
یەکەم: هەماهەنگی لەگەڵ پارێزەران و مافپەروەران دەکات، لە ناوەوەو و دەرەوەی ئۆرگانەکانی یەکێتی.
دووەم: نوێنەرایەتی یاسایی سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ک) دەکات، بۆ هەر پرسێکی یاسایی پەیوەندیدار بەکاروباری حزب.
سێیەم: بەدواداچون بۆ ئەو کێشە کۆمەلاتییانەی هەڤاڵانی یەکێتی دەکات کە رەهەندی یاسایی هەیە و راسپاردەی یاسایی بۆ سەرۆکی یەکێتی دەربارەیان بەرز دەکاتەوە.
چوارەم: بەرپرسە لە شیکردنەوەو تەفسیر کردنی مادەکانی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی و بەرزکردنەوەیان بۆ سەرۆك و مەکتەبی سیاسی.
پێنجەم: سکاڵای هەڤاڵانی یەکێتی لەسەرجەم ئۆرگانە جیاجیاکانی یەکێتی سەبارەت بە پێشێل کردنی پەیرەو وەردەگرێت ، دوای بەدواداچونی یاسایی پێویست بۆ سەرۆکی یەکێتی بەرزی دەکاتەوە.

## مەڵبەندی دیراساتی گشتی:

ماددەی (٥٣)
**یەکەم:** لێپرسراوی دەبێت و لە لایەن سەرۆکی یەکێتییەوە دیاری دەکرێت.
دووەم: کاری سەرەکی پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەو پێشنیار و پلان و پرۆژەیە لە مەسەلە جیاجیاکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە باڵاو ستراتیجییەکانی یەکێتی و هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکی یەکێتی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
سێیەم: بەدواداچون بۆ ئەو دەرفەت و کێشەو هەڕەشانە دەکات کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی باڵاو یەکریزی ناوخۆی یەکێتی و وەك پێشنیار پێشکەشی سەرۆکی دەکات.
چوارەم: ئەرکی پەرەپێدانی تواناکانی کادیرە باڵانی یەکێتیی لە سەرجەم بوارە حزبی و حکومی و رێکخراوەییەکان دەگرێتە ئەستۆ.
پێنجەم: بەرپرسە لە دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی بەهێز لەگەڵ ئەکادیمیان و ناوەندەکانی خوێندنی باڵاو سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم و کوردستان و عێراق.
شەشەم: ستافی سەرەکی مەڵبەند لە ئەکادیمیاکاران و پسپۆڕانی یەکێتی کە تایبەتن بە بوارو ئەرکەکانی مەڵبەندی دیراسات پێك دێت.
حەوتەم: پەیکەرو بەشەکانی بەگوێرەی رێسایەک رێکدەخات و پێشکەشی سەرۆکی یەکێتی دەکات بۆ پەسەندکردنی.

## بەشی هەشتەم
## ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکیتی

**ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی:**

ماددەی (٥٤) ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی:
ئۆرگانێکی باڵای یەکێتییە. ئەرکی رێنماییکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی تری یەکیتییە بۆ سەرجەم مەسەلە سیاسی وستراتیجییەکان، ئەندامانیان لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵاو بەرژەوەندییەکانی پێشوو و هەروەها سەرکردایەتییە پێشوەکانی یەکێتی پێکدێن.

ماددەی ( ٥٥ )

یەکەم: ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی لە (٩~١٥) ئەندام پێکدێت.

دووەم: سەرۆکی یەکێتی پاش کۆنگرە ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی و سکرتێر و جێگرەکانی ئەنجومەنەکە دیاری دەکات.

سێییەم: سکرتێر و ئەندامانی ئەنجومەن تەمەنیان لە (50) ساڵ کەمتر نەبێت.

چوارەم: بودجەیەکی مانگانە و بارەگاو ستافی بەڕێوەبردنی خۆیان دەبێت، لە چوارچێوەی سیاسەتی دارایی وئیدارەی گشتی یەکێتی، بودجە بۆ ئەنجومەنەکە دیاری دەکرێت.

ماددەی ( ٥٦ ) ئەرك ودەسەڵات:

1- ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی دەتوانن پرۆژەیان بۆ پرسەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەبێت و ئاراستەی سەرۆکی بکەن.

2- لە کاتی بوونی بابەتی هەستیار و پەیوەست بە بەرژەوەندی باڵای یەکێتی، سەرۆك و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی لیجنەی هاوبەش بۆ تاوتوکردن بابەتەکان پێك دەهێنن.

3- ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەتوانێت هەر بابەتێك و پرسێك بخاتە نێو ئەجندای کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دەتوانێ نوێنەری ئەنجومەنی پاراستنی

بەرژەوەندییەکانی یەکێتی بنێرێت بۆ بەشداری لە کۆبونەوەکە بۆ هەمان بابەت کە داواکراوە لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی یەکیتی.

4- سەرۆک بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و توانای هەڤاڵانی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی کار لەسەر بەرەو پێشبردنی سیاسەتی گشتی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکانی یەکێتی دەکات و دەتوانێ بەشداری شاندەکانی دانوستاندنیان پیبکات.

5- ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی دەتوانێت بە نووسراو یان کۆبونەوە داوای روونکردنەوە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکات بۆ هەر پرسێکی پەیوەست بێت بە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یەکێتی.

6- ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی چاودێری بەڕێوەچونی کارەکانی حزب دەکات لە ئۆرگانە جیاوازەکان وسەرنج و تێبینی خۆی ئاراستەی سەرۆکی حزب دەکات.

7-ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی ڕۆڵی دەبێت لە پاراستنی تەبایی و یەکخستنی ڕیزەکانی یەکێتی لەسەرجەم ئۆرگانەکانی حزب.

8~ سەرۆکی یەکێتی پێش واژۆکردنی هەر رێککەوتنامەیەك راو سەرنجی ئەنجومەنەکە سەبارەت بەو رێککەوتننامەیە وەردەگرێ.

9~ پێش دیاریکردنی کۆتایی بەربژێرو پاڵێوراوەکانی یەکێتی بۆ پۆستە حکومی و پەرلەمانییەکان، راو بۆچون و سەرنجی ئەم ئەنجومەنە لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەوە وەردەگیرێت.

10~ ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە شێوەیەکی وەرزی یان لە کاتی پێویستدا لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی کۆدەبنەوە.

11~ ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی بەدواداچون بۆ پرۆسەی سکاڵاکان لە نێو دامودەزگاکانی یەکێتی دەکات، لە کاتی پێویست یان دواکەوتنی وەڵامدانەوەیان پێویستە لە ماوەی(٣٠) رۆژدا بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی بەدواداچونی ئەنجومەنەکە بدرێتەوە.

12~ لە کاتی نەمانی هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکان بە هەر هۆیەك بێت، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە رێگای سەرۆکی یەکێتیەوە( لەسەر بنەمای مەرجەکانی ئەندامانی ئەنجومەن) ناوی دوو کاندید بۆ ئەنجومەنەکە دیاری دەکات، ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکان ناوی یەکێکیان پەسەند دەکات.

13~ لە کاتی بوونی بۆشایی، هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی مافی داواکردنی گواستنەوەی بۆ ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی بە رەزامەندی سەرکۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سکرتێری ئەنجومەنەکە هەیە.

## بەشی نۆیەم: ئەنجومەنی پشتیوانی

<u>مادەی (٥٧) ئەنجومەنی پشتیوانی</u>

یەکەم: ئەنجومەنێك دروست دەکرێت، لە ئەندامانی کارای خولی پێشوی سەرکردایەتی و تێکۆشەران و گەنجانی یەکێتی پێکدێت، جێگر و سکرتێری ئەنجومەنەکە و ئەندامانی لە لایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرێن و بە رەچاوکردنی، جوگرافیا، تایبەتمەندی و پسپۆری وژمارەیان لە ئەندام (١٠٠) ئەندام تێناپەڕێ.

دووەم: ئەرکی ئەم ئەنجومەنە چاودێریکردنی دامودەزگاکانی یەکێتی دەبێ و راستەوخۆی پەیوەندی بەسەرۆك دەبێت و راپۆرتەکانی بۆ سەرۆکی یەکێتی بەرزدەکاتەوە.

سێیەم: ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە هیچ پۆستێکیان لە نێو ئۆرگانەکانی تری یەکێتی نابێ.

چوارەم: ئەم ئەنجومەنە لەلایەن سەرۆکی یەکێتیەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

پێنجەم: وبە ڕێسایەك بۆ بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەو ناوخۆیی خۆیان دادەڕێژن، پاش رەزامەندی سەرۆك، لە مەکتەبی سیاسی پەسەند دەکرێت.

## بەشی دەیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی (٥٨)
کۆی گشتی ئەنجومەنەکانی یەکێتی دەبێت لانیکەم ڕێژەی (25٪)ی ژنان لەئۆرگانەکانی (ی.ن.ک) دوای پەسندکردنی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکات.

ماددەی (٥٩)
سەرجەم ئەندامانی (ی.ن.ک) لەو پلانەی لە خوارەوە دیاریکراون فۆرمی بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن:
أ) ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
ب) ئەندامانی ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی.
ج) ئەندامانی ئەنجومەنی پاڵپشتی.

ماددەی (٦٠)
پاش کۆنگرە لیژنەیەکی باڵا بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکێتی پێك دەهێنرێت بۆ ڕێکخستنەوەی گشتی کاری مەکتەبە نوێکان و دابەش کردنەوەی ئەرکەکان و ڕێکخستنی میلاکاتی کارگێری و دارایی دامەزراوەکان بەپێی پەیرەوەی نوێی یەکێتی، پێویستە ئەم لیژنەیە کارەکانی لە (٢-~٣) مانگ تەواو بکات پاش بەسەند کردنی، بە ڕێسا کاری مەکتەبە نوێکان ڕێك بخرێتەوە.

ماددەی (٦١):
دوای ماوەیەک، کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت، بەپێی پێویست برگەکانی ئەم پەیڕەوە هەموار دەکرێتەوە لەلایەن لیژنەی پسپۆڕی پەیوەندیداری یەکێتی کە سەرۆکی یەکێتی دیاری دەکات لەسەر داوای سەرۆکی یەکێتی یان (٢٦) هەڤاڵی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بە پەسەندکردنی (٤\٣)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بێ دەستکاریکردنی بنەما گشتییەکان.

ماددەی (٦٢)
ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی و ئەنجومەنی پاڵپشتی و کادیرانی پێشکەوتوو، نابێت دەسەڵاتی حزبی بۆ هیچ چالاکییەکی بازرگانی و ئابووری بەشێوەی تاک یان هاوبەش، بۆ خۆیان یان کەسی نزیکیان بەکار بهێنن.

ماددەی (٦٣)
سەرجەم ئۆرگانەکان پەیڕەوی کاری خۆیان (ڕێسا) دەبێت و بەپێی دەقەکانی هاتوو لەم پەیڕەوە پەسەند دەکرێت.

ماددەی (٦٤)
سەرجەم ئەندامانی ئۆرگانەکان تەنها پابەندی ئەم پەیڕەوە دەبن و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.